وتووێژی بەڕێز کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات، لەگەڵ سایتی ڕێنێسانس

کاک باباشێخ حسینی

ڕێنێسانس نیوز: بارودۆخی سیاسی ئێران و کێشەی ناوکەیی ئەم وڵاتە کە ئێستا بۆتە کێشەیەکی گەورەو و ڕۆژبەڕۆژ لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا بەرەوخراپ بوون دەڕوات بە تایبەت لە دوای سەردانەکەی دێك چینی بۆ عێراق چۆن دەبێنن؟

بابا شێخ حوسێنی: بێگومان کێشەی ئەتۆمی ئێران بۆتە کێشەیەکی جیهانی و جیاواز لە ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپایی، وڵاتانی عەرەبی و وەڵاتانی کەنداوی فارس، بەگەیشتنی ڕژیمی ئێران بە بۆمبی ئەتۆمی نیگەرانن وئەم پەیوەندییە کە ئێستا لە نێوان وڵاتانی ئەورووپا وئەمریکاو وڵاتانی عەرەبی دا هەیە بە شێکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی ڕژیم بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی، سەردانەکەی دیك چینیش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێك وڵاتانی عەرەبی بێگومان بەشێك بوو لەو هەوڵانەی ئەمریکا بۆ زیاتر پەرەپێدانی هاوکاری ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپاو کەنداوی فارس. لێرەدا ئەگەر ڕژیمی ئێران پابەندی بڕیارنامە نێودەوڵەتییە کان نەبێت و ئەو بڕیارنامانەی شۆرای ئەمنیەتی جێ بەجێ نەکات ئەو کێشەیە بەرەو ئالۆز بوون وقۆلبونەوە دەڕوات و لە ئاکامدا نزیك دەبێتەوە لە چارەسەری بە شێوەی نیزامی، هەر چەندە بەڕێسانی ڕژیمی ئێران تا ئێستا لەسەر ئەوە کۆکن کە درێژە بەدەن بە پڕۆژەی بەرنامی ئەتۆمی، وڵەو ڕۆژانەشدا چەندین دەزگای سەنتەرفیوژی ناوکەیی تازەیان داناوە کە بەبێ ڕاوەستان کار دەکەن و وڵاتانی ٥+١ بڕیارە کۆبوونەوە بکەن لەسەر ئەو هەوڵانەی ڕژیمی ئێران تا بتوانن بڕیاری تازەتر جێبەجی بکەن لەسەر ئێران.

ڕێنێسانس نیوز: ئایا ئەمریکا بەو بارودۆخی کە ئێستا ئۆپۆزیسۆنی ئێران و کورد بەتایبەتی هەیەتی دەتوانی بۆ گۆرانکاری لە ئێراندا پشت ببەستیت؟

بابا شێخ حسینی: من پێم وایە کە لە بارودۆخی ئێستادا ئەمریکا ناتوانی بۆ گۆرانکاری لە سیستەمی ئێراندا یان هەر هێرشیکی نیزامی بۆ سەر ئێران پشت بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ببەستێت، بەڵام ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و حیزبە کوردییەکان بتوانن بەرەیەکی یەکگرتوودروست بکەن و لێك نزیك ببنەوە ئەو کات ئەمریکا دەتوانی بۆ هەر گۆرانکارییەك لە ئێراندا پشت بە ئۆپۆزیسیۆن ببەستیت. بەڵام مەسەلەیەکی تر کە جێگای باس و گفتوگویە ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەشێکیان باوەڕیان بە نزیکی و هاوکاری لە تەك ئەمریکادا نییە، ئەوان خەبات دەکەن بۆ ڕووخانی ئەو ڕژیمە، ئەوان خەبات ناکەن بۆ ئەوەی ئەمریکا ڕازی بێت لێی یان. بەڵام دەکرێ بە شێوەیێکی تر ئەمریکا وەکو هەنگاوێکی باش بۆ نزیك بوونەوەو هاوکاری لە نێوان حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و کوردستان هەنگاو هەڵبگری و لێرەدا من پێموایە ئەمریکا دەتوانی ئەم هاوپەیمانیە دروست بکات، نەك هێزە سیاسیەکان بۆ قازانجی خۆی بکار بێنیت.

ڕێنێسانس نیوز: پەیوەندی سازمانی خەبات لە گەڵ ئەمریکادا چونەو ئایا هیچ هاوکاری دەکرین لە لایەن ئەمریکاوە؟

بابا شێخ حسینی: سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران تا ئێستا یەك جار دانیشتنمان هەبوە لە گەڵ ئەمریکا دا، و ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ چوار ساڵ لەمەوبەر، بەڵام هیچ هاوکاری و نزیکایەتێکمان لە تەك ئەمریکادا نییە.

ڕێنێسانس نیوز: هۆی گۆڕینی ناوی سازمانی خەبات بۆ چیی دەگەڕێتەوە؟

بابا شێخ حسینی: پێشتر ناوی سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران بوو، یانی لە نێوان نەتەوایەتی و ئیسلامی، واویکی تێدا بوو کە ئەوە زیاتر ئامانج و مەبەستەکانی سازمانی خەبات دەردەخات کە سازمانی خەبات زیاتر وەك ڕێکخراوەیەکی نەتەوایەتی بوو نەك ئیسلامی، هەموومان دەزانین کە ڕژیمی ئاخوندی لە ژێر ناوی ئیسلام هێرشی کردە سەر گەلی کورد و خەڵکی کوردستانی بە کافر دەزانی و لە ساڵی ٥٨ دا خۆمەینی فەرمانی جیهادی دا لە دژی خەڵکی کورد، بوونی سازمانێکی نەتەوەیی و ئیسلامی کە هەم ڕژیمی ئاخوندی بە درۆ بخرێتەوە هەم بەوانەی کە بەکرێگیراوی ڕژیم بوون و فریوی ئەو ڕژیمەیان خواردبوو بەوناوە هێرشیان دەکردە سەر خەڵکی کوردستان کە خەڵکی کوردستان کافرە و ئەوە زەروور بوو کە تێ بگەیێندرێن خەڵکی کورد کافرنینە وجوولانەوەی رزگاریخوازی کوردیش بۆچوون و بنەمای نەتەوەیی ئیسلامی تێدایە. لە لایەکی ترەوە هێندیك لە کەسایەتی وئەفراد نائومێد بوون لە کار کردن لە ناو حیزبەکانی تردا، بۆیە سازمانی خەبات وەکوو خەتێك کە جیاواز بوو لە هێزەسیاسیەکانی تر وەکو سازمانێکی نەتەوایەتی و ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٠ لە کوردستانی ئێران هاتە مەیدان. ئێستاش دەبینین و بە تایبەت لە ساڵێ ٢٠٠٣ بەدواوە مەسەلەی تیرۆریزمی جیهانی و سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆر بۆتە گەورەترین کێشە کە ئەمرو هەڕەشە لە دونیا دەکات، وبەشێکی زۆری حیزبە ئیسلامیەکان ئەوڕۆ تاوانبار دەکرێن بە هێزی تیرۆریستی. سازمانی خەبات چونکە ڕێبازی لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازی و ئازادیخوازی بوو، دەبوو زیاتر توانامان بخەینە کار و ڕوونیبکەینەوە کە ئێمە کێین. وە هەر وەك پێشتریش باسمان کرد ئێمە هێزێکی نەتەوەیی بووین و هەر لەو چوارچێوەیەدا بە ئالۆوگۆڕی وخڕاندنەوەیەکی تازەتر بۆ ڕیباز و بەرنامەی و ستراتیژیی سازمان هەم وەك هێزێکی نەتەوەیی و پێشکەوتووتر درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین، بۆ نموونە ئێستا لە سازمانی خەباتدا کەسێکی مەسیحی و کەسێکی یەهوودی و ئەهلی حەقیش دەتوانی ببێتە ئەندامی سازمان خەبات هەتا لە بەڕێوەبەرایەتی ئەم حیزبەدا دەتوانی جێگا بگرێ، ئێستا لە سازمانی خەبات ژنان ڕۆلێکی بەرچاویان هەیەو لە سەرکردایەتیدا ئەندامن، کەوایە ئەو گورانکارییانەی کە لە سازمانی خەبات دا کرا، بەپێی ئەو هەڵوەرجەی کە هاتوەتە ئاراوە پێویست بوو کە لەگەڵ هەل و مەرجی زاڵ ە سەر ناوچەکە و جیهان و کوردستان دا بێتەوە.

ڕێنێسانس نیوز: پەیوەندی سازمانی خەبات لەگەڵ حیزبە ئیسلامیەکانی تر لە باشووری کوردستاندا چوونە؟

بابا شێخ حسینی: ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانی عێراقدا هەیە بەگشتی، دیارە لەگەڵ ئەو حیزبە ئیسلامیەکان کە ئێوە باسی دەکەن وەك یەکگرتوو وکۆمەڵی ئیسلامیدا پەیوەندیمان بەردەوامە و سەردانی یەکتر دەکەین بەڵام لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیی هیچ پەیوەندیکمان نیە.

ڕێنێسانس نیوز: هەروەك دەزانین لەم دواياندا کۆمەڵێك ئینشعاب لە ناو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕوویدا، ئێوە هۆی ئەم ئینشعابانە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

بابا شێخ حسینی: بێگومان زۆر هۆ هەن بۆ دروست بوونی ئەم ئینشعابانە، بەشێکی ئێمە دەتوانین دەست نیشانی بکەین و بەشێکی هەر شاراوەیە کە نازانین، بەڵام هۆی سەرەکی دەتوانێ ژیانی کەمپ نشینی بێت، چونکە سەردەمانێك کە هێزی پێشمەرگە لە جموجۆل دابوون و ئێستا هەموویان لە ناو کەمپدا نیشتەجێبوون و بەشێکی زۆری لەوانە کێشەیان بۆ دروست دەبێت لەو بۆشاییە و بێکاری دروست بووە و تا ئێستا نەتوانراوە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە ولە فەزایەکی بە شێوەیەدا تەنیا قسەو باس دروست دەبێت ئەگەر پرۆژەیەك نەبێت بۆ پرکردنەوەی ئەم بۆشاییە کە لە ناو کەمپدا هەیە دەم بە دەمە و کێشە دروست دەبێ. خاڵێکی تر کە دەبێ باسی بکەم و زۆر گرنگە و لە هەمان کاتیشدا ناخۆشە قەبوول نەکردنی یەکتری و هەندێك هەستی خۆبەزلزانی و خۆپەرستی دەور دەبینن لەسەر ئەو ئینشعابانە.

ڕێنێسانس نیوز: ئایا ئێوە هیچ دەستی دەرەکی دەبینن لە پشت ئەم ئینشعابانە؟

بابا شێخ حسینی: من ناتوانم بڵێم کە ڕاستەوخۆ دەستی دەرەکی تێدایە، بەڵام بەوەی شێوەی کە ڕژیمی ئاخوندی زۆری پێ خۆشە ناکۆکی و ئینشعاب لە ناو هێزی ئۆپۆزیسیۆندا دروست بێت ڕەنگە لەم ڕاستایەدا هەنگاوی باشی بۆ هەڵگرتووە تا بتوانێ ئەوکارە زوو جی بەجێ بێ.

ڕێنێسانس نیوز: سازمانی خەباتیش لەو قەیرانە بێ بەش نەبووە هۆی ئینشعابی ناو سازمانی خەبات بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

بابا شێخ حسینی: ئەوەی لەسازمانی خەبات دا ڕوویدا دەگەڕێتەوە بۆڕابردوو بۆ ساڵی ١٣٦٦ و ئەو ئینشعابەی کە لە ناو سازمانی خەباتیش دا ڕوویدا هەر بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ تەحموول نەکردنی یەکتر، ئەوە ڕاستییەکە کە کەس ناتوانی ئینکاری بکات لە ناوو کوردا باوە کە کەمتر یەکتر قەبوول دەکەن وزیاتر کێشەکان ئالۆزتر دەکەن، دیارە هەمووی ئەم کێشانە ڕەنگە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرین بەڵام بەداخەوە کە لە ناو کوردا دیالۆگ و قسەکردن زۆر لاوازە بۆ چارەسەری کێشەکان لە ڕێگایەکی عەقڵانیەوە، ئەوەی لە سازمانی خەباتدا ڕوویدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو وچەندین ساڵ بەسەر ئەم کێشەیەدا تێپەڕیووە وسازمانی خەبات ئێستا زۆر یەکگرتوویە و هەموو ئەو خۆشك و برایانی کە ئێستا لە ناو ڕیزەکانی سازمانی خەباتدا کار دەکەن بە ڕۆحێکی زۆر شۆڕشگێڕانەوە درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. لێرەدا پێویستە باسی ئەوەش بکەم ئێمە هیچ کێشەوناکۆکیکمان لەگەڵ ئەو برادارانەی کە لە سازمانی خەبات جیا بوونەتەوە و لەژێر هەر ناوێکدا کە کار دەکەن نیە، ئێمە پێمان وایە دەبێت خۆمان چالاك بین وجموجۆڵمان هەبێت و زۆر خۆمان سەرقالی ئەو کێشە لاوەکیانە نەکەین جێی خۆشیە هیچ ئالۆزی و ناکۆکیێکمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسیدا نیە.

ڕێنێسانس نیوز: هەنگاوەکان بۆ دروست بوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دوای ئەو جیابوونەوانە، بە ڕای ئێوە دەتوانی لێك نزیك بوونەوە هەبێت یان هەر بەو شێوە ئێستا پارچە پارچە دەمێنێتەوە؟

بابا شێخ حسینی: پێش دروست بوونی ئەو ئینشعابانە کەمێك ئومێدواری هەبوو، بە تایبەت لە یەك دووسالێ ڕابردوودا، بە هاوکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد چەندین کۆبوونەوە کرا بە سەرپەرشتی دوکتور سامان شالی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا، لەو کاتەدا هیوایەك هەبوو بەڵام لە دوای ئەو جیابوونەوانە بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵانە بە خەسار چوو، بەپێچەوانەوە ناکۆکی و پارچە بوون لە ناو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕوی لە زیاد بوون کرد، هەروەك دەیبینین کێشەکان گەورەتر بوونەو من بەو وەزعەی کە ئێستا لە ئارادایە هیچ ئومیدم بە دروست بوونی بەرەیەکی سیاسی یان هەر جۆرە پلاتفۆرمێك نەماوە.

ڕێنێسانس نیوز: پەیوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە گەڵ موجاهیدینی خەڵق لە سەر چ ئەساسیەکەو لە چە ئاستێکدایە؟

بابا شێخ حسینی: سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر چەشنە دانووستانێك لەگەڵ ڕژیمی ئێران ڕەد دەکاتەوە و پێی وایە هەرچەشنە دانووستانێك لەگەڵ ئەو ڕژیمە مەشروعیەت دانە بەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە. لێرەدا ئەمە خاڵی هاوبەش لە نیوان سازمانی خەبات و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقە کە ئەوانیش تەنیا ڕێگای گەیشتنی خەڵك بە ئازادی لە ئێراند ا لە ڕوخانی ئەو سیستەمەدا دەبینن، دیارە سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێراندا بۆ کورد قەبوول کردووە، بە کورتی ئەوەی دەتوانم لێرەدا باسی بکەم وەك خاڵێکی گرنگ، هاوبەش بوونمانە لە خەبات لە دژی ڕژیمی ئێران و ڕەد کردنەوەی هەر جۆرە دانووستانێك لەگەڵ ئەو ڕژیمە.

ڕێنێسانس نیوز: ئایا سازمانی خەبات لە لایەن سازمانی موجاهیدینی خەڵقەوە هاوکاری لۆجیستیکی و ماددی دەکرێت؟

بابا شێخ حسینی: پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق زیاتر لە چۆارچیوەی سیاسی دایە، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە مەسەلەی سیاسیەوە هەیە بە تایبەتی ئێستا ئەوەندی ئێمە ئاگادار بین بارودۆخی سازمانی موجاهیدینی خەڵق لە عێراقدا باش نییە و ئەگەر لە ڕابردوودا هاوکاریان کردبین ئێستا چاوەڕیی ئەوە ناکەین کە هاوکاریمان بکەن.

ڕێنێسانس نیوز: ئایا دروست کردنی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو قۆناغەدا لە گەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵق زەروور نیە؟

بابا شیخ حسینی: بێگومان ئەوە دەمێکە کاتی هاتووە کە هەموو حیزبە سیاسیەکان بەرەیەك دروست بکەن، هەروەك دیارە سازمانی موجاهیدین وەك هێزێکی چالاکی ئۆپۆزیسیۆن لە دژی ڕژیمی ئێران خەبات دەکات و کۆمەڵگای جیهانیش حیسابی لەسەر دەکات و ئەو ڕژیمە هێزێکی زۆر مەسرەف دەکات بۆ لاوازکردنی سازمانی موجاهیدین و ئەگەر ئەو یەکێتی و هاوکاریە هەبێت شتێکی زۆر باشە و زەروورییە. و دەتوانم بڵێم دروست بوونی بەرەیەکی سیاسی هاوبەش لە نێوان هێزەکان سەرەکیترین ڕێگایە بۆ ڕوخانی ئەو ڕژیمە.

ڕێنێسانس نیوز: تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان وەڵامێك بوو بۆ سەفەرەکەی دیك چینی بۆ عێراق یان بەبیانووی بوونی چەکدارانی پژاك لە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان؟

بابا شێخ حسینی: بێگومان هەمووی ئەو هەڵوێستانەی ڕژیمی ئاخوندی ئێران لە بەرامبەر خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕژیمی ئێران دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بە ئەمریکا و حکومەتی عێراق نیشان بدات، دیارە لەم ناوەندەدا ئێران زۆر بە ئاشکرا دەست لە کارو باری عێراق وەردەدات ویارمەتی گروپە تیرۆریستیەکان دەکات لە دژی ئەمریکا. ڕژێم دەسەڵاتی خۆی نیشان دەدا هەرچەندە بە ڕەسمی ڕاستەوخۆ تەداخوول ناکات بەڵام ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەسەر مەسەلە سیاسیەکان و هێزە سیاسیەکان بە تایبەتی چەند لایەن گرویە ئایینیەکانی وەك شیعەکان کە زۆر لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدان بڕیارەکانی ڕژیم جێبەجێ دەکەن. ڕژێم بە تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان و دروست کردنی کێشەو ئاژاوە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا ئامانجی ئەوەیە تا ئەمریکا دەرفەتی دست نەکەوێ بۆ هێرش و فشارخستنە سەری، دەستێوردانی ڕژێمی ئێران لە کارو باری ناو خۆی وڵاتانی ئەفغانستان، لوبنان و فەلەستین وعەرەبستان وبەحرین‌دا بە گشتی بەشێکن لە دروست کردنی کێشە بۆ ئەمریکا کە ڕیژیمی ئاخوندی وەك پرۆژە کاری لە سەر دەکات.

ڕێنێسانس نیوز: ئایا لەم قۆناغەدا تاکتیکی شەڕی چەکداری لە دژی ئێران، وەك ئێستا کە پژاك کاری پێدەکات تاچەند دەتوانی وەڵام دەرەوە بێت؟

بابا شێخ حسینی: ئاشکرایە جوولانەوەی ئێمە جوولانەوەیەکی ئازادیخوازیە و کاتێك کە ڕژیمی ئاخوندی دان بە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد نانێت، گەلی کورد بە ناچاری هەموو ڕێگاکانی گرتووەتە بەر کە یەکێك لەم ڕێگایانە خەباتی چەکداریە، لە گەڵ خەباتی سیاسی و ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی، خەباتی چەکداریش یەکێکە لەم ڕیگایانە بۆ گەیشتن بە مافەکانمان وهەر هێزێکی سیاسی ئەم شێوە خەباتە هەلبژێرێ ئێمە پشتیوانی لێدەکەین و پێمان باشە.

ڕێنێسانس نیوز: ئایا سازمانی خەبات هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ پارتی ژیانی ئازادی کوردستاندا هەیە؟

بابا شێخ حسینی: ئێمە هیچ پەیوەندییەکی فەرمیمان لەگەڵ پژاکدا نییە، بەڵام لە دەرەوەی وڵات سەردان و کۆبوونەوە لەگەڵ بەپرسانی هەردوولادا هەبووە و زیاتر لە چوارچێوەی موناسیبات و بۆنەکاندا بووە.

ڕێنێسانس نیوز: دیپلۆماسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران تا چەند دەتوانی دەوری هەبێت لەسەر ئینشعاب و پەسێف کردنی حیزبە کوردیەکان لە باشووری کوردستان؟

بابا شێخ حسینی: من پێم وایە کە دیپلۆماسی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران کاریگەری نییە لەسەر ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، چونکە حکومەتی هەرێم ناچارە کە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ ڕژیمی ئێراندا لە ڕووی بازرگانی وئابووری بە تایبەت. بۆیە دەبێت حیزبەکان خۆیان بپارێزن لە دروست کردنی کێشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەو چوارچێوەدا کەم کردنەوەی چالاکیی نیزامی بۆ سەر ڕژیم ئێران وەڵامێکە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڵایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

***